# تورکمانیش وەک گەزۆ لە کوردستان دەبارێت

ڕێبوار ڕەشید

یەکێک لە جۆرەکانی شیرینیی لە کوردستان گەزۆیە. گەزۆ ئاورینگێکە کە وەک تۆز دەنیشێتە سەر گەڵای بەڕوو و مازوو. بەهۆی سڕری لەپڕپەیدابوونەکەیەوە پێی دەگوترێت گەزۆی ئاسمانیی.
باسی ژمارەی تورکمان گەزۆی ئاسمانیی وەبیردەهێنێتەوە. هەندێک جار ئەو ئارەقەیە، ئەو ئاورینگەی تورکمانان، دەگاتە سێ ملیۆن و چوار ملیۆنیش.
گەزۆی ئەم ساڵیش ئاوا زۆر بووایە دەمی سەراپای وڵاتمان شیرین دەبوو.
ئاسووریی و کلدانیی ئێستا ژمارەیەکی ئەوتۆیان نەماوە، بەڵام چونکە دانیشتوانی ڕەسەنن لە کوردستان ڕەگیان بە گوند و بە شارۆچکە و شارەکانەوە هەیە. هەڵپەڕکێیان، جلکوبەرگیان، زمانیان، هەڵسوکەوت و بڕوا بەخۆبوونیان ڕەنگی مێژوویەکی سەرفراز و شاناز دەداتەوە و دیارە کە کوردستان وڵاتی ئەوانیشە.
سەردەمی عوسمانیەکان نە هەر لە کوردستان بەڵکو لە میسر، سووریا، ئوردن، ئیسرائیل و ئەسیوپیا دەسەڵاتدارانی عوسمانیی مەقامی مووچەخۆریی و فەرمانبەرییان دەدا بەوانەی خزمەتییان دەکردن. لە بەرابەردا خزمەتکارەکان دەبا وەفاداربوونایە، هێندە تورکی فێربوونایە کە لەگەڵ دەستەڵاتدارانی عوسمانیی لەیەک بگەن و لە ناو دانیشتوواندا گوێی سووکی ئەوان بن.
ئەمە ئەو هۆیەیە کە تورکمان لە ئێراق گوندنشین و شارۆچکەنشین نیین و بە نەریت تەنها لە ناوجەرگەی چەند شاردا هەن، وەک کەرکووک، بەغدا و موسڵ. ئەو شارانەش هەر ئەو شارانەن کە پێتەخت و بنکەی هەڵسوڕاویی سیاسیی عوسمانیەکان بوون. تورکمانەکان لەو شوێنانە نەبوون کە کاروچالاکی دەستەڵادارانی عوسمانی تێدا نەبووە.
شەفەق ئەلنور سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی تورکیش دایەلی نیوسە و ئێستا لە کوردستان گوایە خەریکی پەیمانکارییە (کۆنتراکتچێتیە). ئەو هەبوونی تورکمان لە ناوجەرگەی شاردا بەوە ڕوون دەکاتەوە کە تورکمان هەر هەمیشە لە خوداییەوە بە نەریت شارنشین بوون و ئاشقی خوێندن و فرمانبەریین و شارنشینیی بەشێکە لەو مەدەنیەتەی لە ناو خوێنی تورکماناندا دێت و دەچێت. شەفەق ئەلنور ئەوە بە جیاوازی نێوان تورکمان و کورد دادەنێت. کوردەکان شارنشین نیین، تورکمانەکان شارنشینن.
ئەگەر دروست لە هەڵەکەی ئەو تێبگەین، ئەویش هەر پێی وایە کە تورکمان وەک گەزۆی ئاسمانیی لە کوردستان باریوە.
هەبوونی تورکمان تەنها لە نێو جەرگەی سێ شاری وەک کەرکووک، موسڵ و بەغدا و شوێنی دیکەی وەک تەلەعفەر ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە ئەوانە پاشماوەی بەجێماوی خاوەن ئیمتیازەکانی سەردەمی عوسمانین.
لە سەرەتای دروستبوونی ئێراقەوە تا ئەمڕۆ شتێک نەبوو کە لە مانای گرفتی سیاسیدا پێی بگوترێت "تورکمان". لەو زیاتر لە 83 ساڵەدا نە کەمتر لە نیو ملیۆن کورد کوژراون، دەیان هەزار زیندانیکراون، بە سەدان هەزار ڕاگوێزراون، نێزیکەی 4500 گوند چۆڵکرا و سەدان هەزار دەربەدەر کران.
لە ماوەی ئەو 83 ساڵەدا دەوڵەتی تورکیا بە خەیاڵیدا نەدەهات کە تورکمان لە ئێراق هەن.
ئێستا کە خەباتی ئازادیخوازیی لە باشووری کوردستان ڕووەو دەستکەوتی پراکتیک هەنگاو دەنێت، بیری کوردستانیی و سەربەخۆیی خۆرهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستانی گرتووەتەوە دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت هەنگاوێک لە پێش خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کوردستانەوە بێت. بۆ ئەوەی کە کوردی باکووری کوردستان هەر لە بندەستەییدا بمێننەوە گرنگە کوردی هیچ شوێنێکی دیکە مافی نەتەوەییان دەست نەکەوێت، هەر مافێکی نەتەوەیی و دیموکراتیی بۆ پارچەی دیکەی کوردستان دەبێت بە گرفتێک بۆ تورکیا.
تا کورد ژێردەستە بێت، بێڕەگیی تورکەکان دیار نابێت.

**نە هەر تورکمان، بەڵکو تورک هەر بە گشتی لە ناوچەکەدا بێ ڕەگن. ئەوان بە شاڵاوی کوشتن و بڕین هاتوونەتە ناوچەکە و لەبەرئەوەش پێوەندیەکانی ئەوان بە گەلانی ناوچەکە هەر ئەو ڕەنگدانەوەیەی هەیە. لە مۆزەخانەکانی ئەوروپا تابلۆ زۆرن کە ڕەنگی ئەو ڕووداوانە دەدەنەوە.**
**ئەمە تورکەکانی لەناوچەکەدا تەریک کردووە. تورکەکان نە هەر هەست بەو بێکەسی و بێ هاودەمییە دەکەن، بەڵکو تیایدا دەژین و هەر بۆیە هەمیشە بە پردی خۆهەڵواسین و مەرایی لە نەتەوەی دوور لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نێزیک دەبنەوە.**
**تورکەکان دەوڵەتیان لەسەر کولتوری ئەرمەنیی، ئاسووریی، عەرەب، یۆنانی، لاس و چەرکەس و گورجیی دروست کردووە، بەڵام بناخە سەرەکیەکەی دەوڵەتیان لەسەر شانی کولتور و فەرهەنگ و شارستانێتی کوردە. هەر بۆیە بە هەموو شتێکی کورد تووڕەن، دەزانن کە کاتێک کورد دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێنێت ئەمان لە بۆشاییەکی سیاسیی بێ هەویەتی نەتەوەییدا دەخولێنەوە.**
**بەڵام تورکمان بە هەر حاڵ ژمارەیەک لە خەڵکن کە بە خۆیان دەڵێن تورکمان. مرۆڤ دەبێت ڕێز لەو خواستە دڵخوازیە بگرێت.**
**تورکمان ئێستا لە کوردستان هەن و دەبێت لەو ڕاستییەوە پێ هەڵبگرین.**
**ئەو تورکمانانەی کە خۆیان بە بەشێک لە گەلی کوردستان دەزانن بەڵام خوازیاری مافی ئەتنیکی، دیموکراسی و کولتورین بێگومان دەبێت بپارێزرێن، هانبدرێن و یارمەتی بدرێن.**
**گەورەترین ناپاکی لە تورکمانە کوردستانیەکان ئەوەیە کە سەرکردایەتی و گەلی کورد بە یەک چاو لە هەموو تورکمانێک بڕوانێت. هاوکات جێی خۆیەتی تورکمانیە کوردستانیەکانیش لەو چوارچێوە بەرتەسکەی کەرکووک بێنە دەر و داوای ئەو ئازادی و مافانە بۆ کورد لە تورکیا بکەن کە خۆیان لە باشووری کوردستان پێی شادن و کە بە ئازادییەوە داوای دەکەن. ئازادیخوازیی دەبێت گشتگیریی بێت و هاوهەستیی و هاوپشتیی تێدا ببینرێت.**

کێشەی تورکمان

**مام جەلال بێلە دەیان وردە چارەسەری جودا باس لە دوو جۆرە مۆدێلی چارەسەر بۆ کەرکووک دەکات، یەکێکیان مۆدێلی بروکسلە و ئەوی دیکەیان مۆدێلی دیموکراسیی تورکیایە. هەرچی مۆدێلی بروکسلە کە زۆر قسەی لەسەر کردراوە و کە لە بەر لێکنەچوونی هەموو ڕوویەکی مێژوویی، ئەتنیکی، سیاسیی، نەتەوەیی و هتد لە نێوان بروکسل و کەرکوودا بەکەڵکی چارەی کێشەی کەرکووک نایەت.**[1]
**دووهەم مۆدێل، مۆدێلی دیموکراسیی تورکیا، تا ئێستا من نەم دیوە مام جەلال بە ڕوونیی قسەی لەسەر بکات یان لە کوردستان پیادە بکردرێت. هیچ جۆرە تورکمانێکیش خۆی لێ نادات. بۆ ئەوەی خوێنەر تێ بگات کە بۆ هیچ لایەنێکی تورکمان خۆ لە مۆدێلەکەی تورکیا نادەن بە کورتی لە مۆدێلی تورکیی دەڕوانین.**
**مۆدێلی هەڵبژاردنی سەرانسەری و نوێنەرایەتی پەرلەمانیی لە تورکیا[2]:**

1. **هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی دەبێت لە هەڵبژاردنی سەرانسەریانەی تورکیادا لە سەدا دەی (10٪) دەنگ لە سەرانسەری تورکیادا بهێنێت.**
2. **هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی (جا لە هەڵبژاردنی سەرانسەریدا بەشدار بێت یان نا) بۆی نییە ناوی ئەتنیکی یان نەتەوەیی پێوە بێت. بۆ نموونە یۆنان، کورد، عەرەب، ئاسووری، ئەرمەنی، لاز، چەرکەس و هتد.**

---

[1] **ژمارەیەک کورد لەسەر مەسەلەی کەرکووک و بە بروکسلکردنی کەرکووک ڕەخنەی دروست و پێشنیاری گرنگیان هەیە، لەوانە د. جەبار قادر، ئەمجەد شاکەلی، هاشم ئاکرەیی و ئی دیکە.**

[2] **بڕوانە ئەم سەرچاوانە بە ئینگلیزی:**

http://www.allaboutturkey.com/parti.htm
http://www.allaboutturkey.com/tbmm.htm
http://www.hukukcu.com/bilimsel/kitaplar/foundation.htm
http://countrystudies.us/turkey/92.htm

3. **هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی دەبێت لەسەدا سەد پێڕەوی دەستووری تورکیی و ماددەکانی هەڵبژاردن بکات، کە لەبەر بێ کاتیی ناتوانم باسیان لێ بکەم، بەلام ئەوانە بریتیین لە هەزاران خاڵی تێهەڵکێش کە بچووکترین نوزە کە بۆنی داوای دیموکراسییخوازیی و مافگەلی نەتەوەیی لێ بێت، نەک هەر دەوەستێندرێت بەڵکو بە توندیش سزا دەدرێت. بۆ نموونە ماددەی** 2820 **لە یاسای پارتەکان خاڵی ا، دەڵێت: هیچ پارتیەکی سیاسیی بۆی نیبە پێی وابێت کە ناو سنووری تورکیادا کەمایەتی ڕەگەز، نەتەوەیی، ئەتنیکی، ئایینی، مەزهەبی یان زمان هەیە.**
4. **هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی دەبێت کۆنگرەی ئاسایی خۆی گرتبێت بەلانی کەمەوە بە ماوەی** 6 **مانگ بەر لە هەڵبژاردن.**
5. **هەموو ڕێکخراوێکی سیاسیی دەبێت لە** 57 **دانە ویلایەت لە کۆی** 81 **ویلایەتی تورکیا ڕێکخستنی خۆی هەبێت.**

**ئێستا من پرسیار دەکەم کە ئایا کورد مۆدێلی دیموکراسی و مۆدێلی هەڵبژاردنی تورکیای لەسەر تورکمانەکان پیادە کردووە؟ ئایا ئەگەر مۆدێلی تورکیا لەسەر تورکمان لە کوردستان پیادە بکردرێت دەتوانن نوێنەریان لە پەرلەمان یان لە وەزارەتدا هەبێت؟ ئایا دەتوانن نوێنەریان لە شارەوانییدا هەبێت، خاوەنی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆ و خوێندنگای خۆیان بن؟**

**سەبارەت بە تورکمان سەرکردایەتی کورد دەبێت چەند مۆدێلێکی چارەسەر بخاتە بەردەست. یەکێک لەوانە مۆدێلی تورکیایە. ئەگەر تورکمانەکان ئەو مۆدێلەی تورکیایان قبوڵ نەبێت دەبێت بێگومان بشتوانن هەڵوێست لەسەر ئەو سیاستە دووڕووییە وەربگرن کە دەوڵەتی تورک لەسەر کورد لە وڵاتی خۆیدا، لەسەر کورد لە ئێراق و لەسەر تورکمان هەیەتی. دەبێت بەرەی تورکمانی پێوەندیەکانی خۆی بە تورکیاوە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو نەویستنەی مۆدێلی تورکیادا ڕوون بکاتەوە.**

**کاتێک کە مۆدێلە ئەڵتەرناتیڤەکانی سەرکردایەتی کورد بۆ تورکمانەکان لە مۆدێلی تورکیی باشتر بن دەبێت تورکمانەکان هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بە سیاسەتی دەستتێوەردانی تورکیا لە کاروباری کوردستان بە ڕوونی و بە دەنگی بەرز دەربڕن، هەروەها سەبارەت بە دۆخی کورد لە تورکیاش.**

**یەکێک لە بنەما بنچینەییەکانی دیموکراتی و پێکەوەهەڵکردن ڕێزگرتنە لە ئەرک و لە ماف، جێبەجێکردنی ئەرکەکانە هەروەک چێژتنی خۆشی مافەکان. تورکمانەکان نابێت بۆیان هەبێت کە لە سەرگوڵی هەموو تایەک بخۆن. هەموو جۆرە پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنێک لایەنی باش و خراپی هەیە کە دەبێت لایەنەکان شان بخەنە ژێری.**

سەرژمێریی دەشێت هەنگاوێک بێت

**هەڵبەتە مەسەلەی سەرژمێریی لە کوردستان لایەکی کێشەی تورکمان ساخ دەکاتەوە. ئێمە دەزانین کە وڵاتانی ئێراق و ئێران و سووریا و تورکیا هیچ ئامارێکی سەرژمێریی جێ متمانەیان نەکردووە. یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە کە ناویسترێت ڕاستیی ژمارەی کورد دەربکەوێت. ئێستا ئێمە لە کوردستان، حەقی ئێراقم نیبە، دەتوانیین ئامارێکی سەرژمێریی دانیشتوان بەئەنجام بگەیەنین. لەوێدا ببینین کە بەڕاستی ژمارەی دانیشتووانی کوردستانیان چەندن، لەوانە ژمارەی کورد، تورکمان، ئاسووری و کلدانی. ڕاستە پرۆسەی سەرژمێریی دروست کات و پارەی تێ دەچێت، بەڵام پاشان ئەو ئامارە دەتوانێت لە ڕووی دیکەشەوە سوودی لێ وەربگیرێت.**

**ئێمە ناتوانین سیاسەت لەسەر بنەمای "هەڵهێنان" و "پێوابوون" و "تەخمین" بکەین. ئێمە دەبێت بزانین بە ڕاستی ژمارەی تورکمان لە کوردستان چەندە، لە کام ناوچانە هەن و ڕێژەیان لەسەر ئاستی ناوچەکان چۆنە. ئەو ئامارە بەردێکی بناخەیی و هەڵسەنگاندنێکی زانستییانە دەبێت کە ئەوە شیاو دەکات چارەیەکی دادوەریانە بۆ کێشە سیاسیەکان بکرێن.**

**لە نەبوونیی سەرژمێری جیددی دانیشتوواندا ئێستا ژمارەی تورکمانان وەک لیرەی تورکیی لێهاتووە.**

**ماوەیەکی دیکە سفرەکان هێندە زۆر دەبن کە چاومان ڕێشکەوپێشکە دەکات.**

**ڕێکخراوی تورکمان داوای کورسی پەرلەمان و وەزارەت و شارەوانی و شێوەکانی دیکەی نوێنەرایەتی دەکەن، بێ ئەوەی بزانرێت کە ڕاستی ڕێژەی نوێنەرایەتی ئەوان چەندە و لەسەر چ مۆدێلێکی سیاسیی کراوە.**
**هەرچی سەبارەت بە بەرەی تورکمانییە دەبێت ئێمە ئەوە بە ڕاشکاوی بڵێین کە ئەوان بەشێکی سیاسەت و سوپای تورکیان. هەڕەشەی ئەوان لە خەڵک و لە خاکی کوردستان تۆمار کراوە. سەرکردایەتی کورد نابێت بە هیچ شێوەیەک، با تاکتیکی و دیپلۆماسییش بێت، گرەوی سیاسیی لەگەڵ ئەواندا بکەن. بەتایبەتی پاش هەڵبژرادنەکانی کوردستان و ئێراق ئێستا بەرەی تورکمانی و سیاسەتی فراوانخوازیی تورکیا لە کوردستان شکست دەهێنێت. بەرەی تورکمانی کەوتوونەتە چاوچاوێن و ئیشارەی ئیشقبازی سیاسیی و دەیانەوێت مەرج مەرجێنە لەگەڵ کورد بکەن.**
**با کورد ئاگای لە دڵی خۆی بێت.**

ئەناتۆمیی لە سیاسەتی کورددا

**ئێمە وەک کوردی باشووری کوردستان دەبێت دۆخی خۆمان ساخ بکەینەوە. دەبێت واز لەو ئەناتۆمییە بهێنین کە بەڕاستی خەباتی ئازادیخوازیی کوردی ناشیرین کردووە. هاوارکردن کە کەرکووک دڵە، جگەرە، هەناوە، چاوە. یان نموونەی ئالیگۆریی وەک کەرکووک قودسی کوردستانە و قسەی دیکەی بێ مانای لەو جۆرە ئاستی خەباتی ئازادیخوازیی دەهێنێتە خوار.**
**پەنابردن بۆ دەربڕینی ئەدەبیی ساویلکە و کولتوری شاخ و پڕکردنی ئەدەبی سیاسیی لەو جۆرە دەربڕینانە نە هەر بێ کەڵکە بەڵکو زیانبەخشیشە.**
**بەگشتی خەڵکانێک پەنا دەبەنە بەر دەربڕینی لەو جۆرە کە لە ڕووی سەوادی سیاسییەوە هێندەیان پێ نییە بتوانن خۆیان دەربڕن. هەندێک جار شایەت جۆرێک لە بەئەدەبیکردنی وتاری سیاسی پێویست بکات، بەڵام ئیتر وا نا کە بۆنی کەبابخانە و قەسابخانەی لێ بێت.**
**کەرکووک نە دڵە، نە جەگەر و نە جەرگە و نە قودسی کوردستانە. کەرکووک بەشێکە لە خاکی داگیرکراوی نەتەوەیەکی بندەست کە بەڵگەی بەعەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافی مێژوویەکی دیار و ڕوونی هەیە. ئێستا کە کورد لەو بەشەدا خاوەنی دەستەڵاتێکی هەمەلایەنەی سیاسیی و ئابووریی و هتدە، کۆمەڵێک دام و دەزگای دیموکراسی و یاسایی هەیە دەتوانێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکات و کەرکووک بگەڕێنرێتەوە دەست خاوەنی خۆی.**
**کەرکووک بەشێکە لە خاکی داگیرکراوی نەتەوەیەکی بندەست.**
**ئێراق نابێت بە موڵکی ئەمەریکا تەنها لەبەر ئەوەی ئەمەریکا بتوانێت 30 ساڵ لە ئێراق بمێنێتەوە.**
**داگیرکردن نابێت پارە بکات. زەبر نابێت خێر بکات.**
**داگیرکردن و خەباتی ئازادیخوازیی، مافخۆر و مافخوراو، زیانلێکەوتوو و زیانەخرۆ دەبێت مانایەکیان هەبێت.**
**گەڕاندنەوەی کەرکووک بۆ کوردستان و بەرکەماڵکردنی مافی کولتوری و فەرهەنگی بۆ نەتەوەی دیکە کە تیایدا دەژین دوو گیروگرفتی جیاوازن و دەبێت بە شێوەی جودا مامەڵەیان لەگەڵدا بکردرێت.**

سەددامە بچکۆلە پێنەگرتووەکان

**لەم بارەیەوە ئەوە گرنگە کە سەرکردایەتی کورد لە باشوور بە چاویلکەی کوردستانیبوون هەموو ئەو سەددامە بچکۆلە هێشتا پێنەگرتووانە ببینێت کە لەگەڵیان دادەنیشن. بە حیسابکردنی ئەو دەستەڵاتە خەیاڵیە فرە زۆرەی سیاسی، ئابووری و سەربازی و دیپلۆماسیەی کە سەددام حسێن هەیبوو، ئەوا ناوبراو باشترین و نەرمترین عەرەبە لە سیاسەتمەدارانی ناو بازنەی دەستەڵاتە لە ئێراق کە ئێستا دەژین. ئەمن پێشنیار دەکەم کە خوێنەر بۆ بەراووردکردنی هەر یەکێک لەم سیاسەتمەدارانەی ئێستای عەرەب لە بازنەی دەستەڵادا لەگەڵ سەددام حسێن ئەو هێزە گەورە ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی و سوپاییە کە سەددام حسێن هەیبوو بخاتە تای تەرازووی ئەو کەسەوە.**
**لە گریمانێکی وادا دەبینین کە ئەم سیاسەتمەدارانەی ناوبازنەی ئێستا لەدەستیان دێت کوردی پارچەکانی دیکەش بکوژن.**

**ئەمە بەو واتایە نییە کە عەرەبێکی ئێرقی نییە دۆستی کورد بێت، بەڵکو بەو مانایەی کە لە ناو بازنەی دەستەڵاتداریی سیاسییدا لە ئێراق بیری پیرۆزیی خاکی ئێراق، سنووری ئێراق، "گەلی ئێراق"، نەتەوەی عەرەب، ئیسلام (کە بە دەیان شێوەیە) هێندە قووڵ ڕەگیان داکووتاوە کە ئەگەرچی تاکەکەسێکی سیاسەتمەداری عەرەبی بشخوازێت نەتوانێت ئەو هێڵەسوورانەی خۆیان بشکێنێت. پرسیار ئەوەیە کە ئایا نەتەوەی کورد تا کەنگێ چاوەڕوانی ئەوە بێت کە سیاسەتمەداری دەستەڵاتداری عەرەب لە ئێراقدا ڕاستەوڕاست بە پۆلەمیکی "برایەتی" و "خوشکایەتی" و "هەموومان ئیسلامین" و شتی دیکە ساڵەهایەک کات لە کورد بە خەسار نەدات؟**

**لە نزمترین ئاستدا سوپای ئێراق دەستی بگاتە کوردستان بێ لەدووبارەداگیرکردن ناهێڵێت بۆ نموونە کوردی پارچەیەکی دیکەی کوردستان لە باشوور بمێنێت. یەکەمین هەنگاوێک کە حوکمەتێکی سەقامگیری عەرەبی ئێراق بیکات خۆشکردنەوەی پێوەندیەکانێتی لەگەڵ وڵاتانی درواسێ، بێگومان لەسەر کورد و لەسەر حیسابی کورد.**

**لەبەرئەوە گرنگترین کاری ئێمە هێشتنەوەی تەبایی ڕیزەکانی کوردستانە، یەکترقبوڵکردن و ئاشتیی سەرانسەرییە. هەروەک چۆن نەهێشتنی هاتنە سەرکاری حوکمەتێکی عەرەبییە کە بۆنی شەڕی لێ بێت.**

**ئەمە بە مانای ئەوە نایەت ئێمە کاری دیپلۆماسی و هەنگاوی تاکتیکی ڕەت بکەینەوە و مەجال بە مەبەستباشیی نەدەین، بەڵکو بەو مانایە دێت کە لە هەموو دانیشتنێکدا سەددامێکی بچکۆلەی پێنەگرتوومان لەبەرچاو بێت. سەددامێکی بچکۆلەی پێنەگرتوو.**

**بۆچوونی من ئاوایە کە سەرکردایەتی سیاسیی کورد نابێت لەم قۆناخەی خەباتی ئازادیخوازییدا لە بەرانبەر نوێنەرانی ئایندەی حوکمەتی ئێراقدا ئەخلاقیانە لە سیاسەت بڕوانن، نابێت لە سەر بناخەی کۆمەڵێک چەمکی دروستکراوی وەک "برایەتی" و "خوشکایەتی" و "هەموومان ئیسلامین" سیاسەتی کوردی بنیات بنرێت. کاک فازل موتنی دروستە کاتێک دەڵێت ناتوانرێت لەسەر متمانە سیاسەت بکرێت. بەڵام لەوەش دروستتر ئەوەیە کە لە ڕاستییدا ئێمە نازانین ئەو لایەنانە چەندیش جێی متمانەن.**

2005/03/14